# مافی ژن ومافی مێرد

< كوردي >

محمد جەمیل زینۆ

وەرگێڕانی: ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# حق الزوجة وحق الزوج

< كردي >

محمد جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# مافی ژن ومافی مێرد

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزی لە ژن ناوە و کۆمەڵێك مافی بۆ دیاری کردووە، بەهەمان شێوە شان بە شانی ئەوان کۆمەڵێك مافی بۆ مێردەکانیشیان دەستەبەر کردووە، ئەوەتانێ پێغەمبەری ئیسلام محمد المصطفی ( صلى الله عليه وسلم ) لە حەجیماڵئاوایی و لەو کۆڕ و کۆبوونەوە بەرفراوانەی لەگەڵ هاوەڵان لە عەرەفات گرێی دا، ووتارێکی مێژووی زۆر گرنگی پێشکەش کردن، لە ووتارەکەیدا فەرمووی : « فاتقوا الله في النساء، فإنكم أخذتموهن بأمان الله، واستحللتم فروجهن بكلمة الله، ولكم عليهن ألا يوطئن فرشكم أحدًا تكرهونه، فإن فعلن ذلك، فاضربوهن ضربًا غير مُبرِّح (شديد)، ولهن عليكم رزقهن وكسوتهن بالمعروف، وقد تركت فيكم ما – لن تضلوا بعده – إن اعتصمتم به: كتاب الله، وأنتم تُسألون عني، فما أنتم قائلون؟ قالوا: نشهد أنك قد بلغت وأدَّيت ونصحت. فقال: بأصبعه السبابة يرفعها إلى السماء، وينكتها (يميلها) إلى الناس: اللَّهُمَّ اشهد (ثلاث مرات) » [ أخرج الخطبة مسلم عن جابر ] .

واتا : بەرامبەر بە ئافرەتان لەخوا بترسن، چونکە ئێوە بە پەیمان وبەڵێنێك کە بەخواتان داوە وەرتان گرتوون وهاتوونەتە لای ئێوە، وە لەسەر فەرمایشت و ووشەیەکی خوای گەورە بۆتان حەڵاڵ بوون، وە مافی ئێوەیە بەسەریانەوە ئەو کەسەی کە ئێوە ڕقتان لێیان دەبێتەوە ژنەکانتان ڕێگا بەهاتنە ماڵی ئێوەیان پێ نەدەن، ئەگەر هاتوو ئەو سەرپێچیەیان کرد، ئەوا بە لێدانێکی هێواش –بۆ ئەوەی پەند وعیبرەت بێت بۆیان –لێیان بدەن، وە مافی ئەوانیشە بەسەر ئێوەوە کە ڕزق ورۆزی وخواردن و خواردنەوە وجلوبەرگ وپۆشاکیان بۆ دابین بکەن، من شتێکم بۆ ئیوە بەجێهێشتووە ئەگەر دەستی پێوە بگرن ئیتر گومڕا نابن، ئەویش قورئانی پیرۆزە، ئێوە پرسیارتان لێ دەکرێت لەبارەی منەوە، ئایا ئێوە چی دەڵێن ؟ هاوەڵانیش ووتیان: بێگومان ئێمە شاهدی دەدەین کە تۆ ئاینەکەی خوای گەورەت بە تێر وتەسەلی گەیاند و ئامۆژگاری ئوممەتت کرد، پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم ) پەنجەی شایەتومانی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و ئاماژەی پێ کرد بەرەو و ڕووی خەڵکی و سێجار فەرمووی: ئەی پەروەردگار دەی ئیتر تۆ شاهیدبە.

ئەو ئامۆژگاریانەی لەم ووتارە مێژوویەوە وەردەگیرێت :

١- ئەم ووتارە پیاوان هاندەدات کە ڕچاوی مافی ئافرەتان بکەن و ستەم و زوڵمیان لێ نەکەن

وبەجوانترین شێوە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکەن، لەم بارەیەشەوە فەرموودە گەلێکی زۆر هەن کە مافەکانی ئافرەتان ڕوون دەکاتەوە، و هۆشداری دەدات بە پیاون کە نابێت کەمتەرخەم بن لە ئاستیاندا.

٢- لەم ووتارەدا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕوونی کردوەتەوە کە پیاوان لەڕێگای مارە بڕینی شەرعیەوە دەتوانن تام و چێژ ولەزەت لە ئافرەتان ببینن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾ [ النساء: ٣ ]، واتا: ئەو ژنانە مارە بکەن پێتان دەشێن، دوان دوان ، سیان سیان، چوار چوار، واتا : هەریەکێکتان دەتوانن هەتا چوار ژن مارە بکەن، بەمەرجی عەدالەت و توانایی ژیاندنیان .

٣- دروست نیە بۆ ژن ئەگەر هاتوو پیاوەکەی پێی ناخۆش بوو کەسێکی بێگانە ئیتر ئەو کەسە پیاو بێت یان ژن بیهێنیتە ماڵەکەیەوە ومۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی پێ بدات، تەنانەت ئەگەر هاتوو لە خزمانی نزیکی ژنەکەیش بوو، مادام پیاوەکەی حەز بە تیکەڵاوی و نزکیان ناکات، چونکە فەرموودەکە هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە پیاوەکەی پێی ناخۆش بێت.

٤- دروستە پیاو بە لێدانێکی سووك، لە ژنەکەی بدات ئەگەر هاتوو سەرپێچی ئەو فەرمانەی کرد کە لەخاڵی پێشوودا باسمان کرد، بە تایبەتی نابێت بەهیچ شێوەیەك پیاو لەدەموچاو وڕوومەتی ژن بدات، یان پێی بڵێت ڕووت ڕەش بێت، چونکە مەخلوق و دروستکراوی پەروەردگارە، چونکە ڕوومەت وسەر ومل چاو و گوێی لەخۆ گرتووە، لێدانیش زیانیان پێ دەگەیەنێت .

٥- هاوەڵان شاهیدیان داوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زۆر بە جوانی ئەمانەتی سەرشان وپەیامەکەی گەیاند و ئامۆژگاری ئوممەتەکەی کرد .

٦- هەروەها ئەم ووتارە مێژوویە بەڵگەیە لەسەر بەرز وبڵندی عەرشی خوای میهرەبان، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کاتێك پەنجەی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە، بۆ ئەوەی خوای گەورە بە شاهید بگرێت کە پەیامەکەی گەیاندە ئوممەتەکەی .

هەر لەسەر ئەم مەسئەلەیەش کۆمەڵێك ئایەت وفەرموودەی زۆر بێ پێچ وپەنا هەن کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە لە ئاسمانە، ئەمەش ڕای هەر چوار پێشەوا بەرێزەکەی مەزهەبەکان و زۆرێکی تریش لە زانایانە، ئەوەش بزانن کە زۆر هەڵەیە کاتێك لە هەندێك کەسەوە گوێ بیستی

ئـەوە دەبـین دەڵـێن : خـوای گـەورە لـە هـەموو شـوێنێکە، چونکـە وەك دەزانـین هـەندیك جێگـای پـیس وپۆخڵ هەیە، موستەحیلە خوای گەورە لەو جێگایانەیش بێت، وەك سەر ئاو وگەرما و هەندیك جێگای تر کە شایستەی ئەوە نین بڵێیت : خوای گەورە لەهەموو شوێنێکە، بۆیە جوانتر و شایستە تر ئەوەیـە بڵێێن : خوای گەورە بە عیلم و زانست وزانیاری زاتی هەق تەعالای خۆی لەگەڵماندایە، هەرچی بڵێین دەیبستێ، هەرچی بکەین دەیبینێت، هەروەك چۆن بە موسى و هارونی فەرموو : ﴿ إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى﴾ [ طه: ٤٦ ]، واتا : بەڕاستی من لەگەڵ ئێوەم، هەموو شتێك ئەبیسم و هەمووشتێکیش ئەبینم.

سەرچاوە : پەرتووکی : تکریم الإسلام للمرأة

نوسینی : شیخ محمد جمیل زینۆ